# نیوه مانگ...سەفەری موزیکی مێینه بەنێو سنورەکاندا.

(کچەکەم نەچوارده نەگبەتیه و نەسیانزه، تەنانەت مردنیش نەگبەتی نیە...)




**ئیسماعیل حەمەئەمین**

1

لەم مانگی ئاوگوستدا فلیمی (نیوەمانگ)ی بەهمەنی قوبادی لەسینەما گەورە و تایبەتەکانی ئەڵمانیادا نمایشکرا. دیارە سەرەتا لەفۆیلیتۆنەکانی ( پاشکۆیی کولتوری Feuilleton) وەک فرانکفۆرتە ئەلگماینە و دی ڤێلت و زۆربەی ماڵپەڕە کولتوریەکان و زۆر لەپەڕاوە هونەریەکان باسیان لەنمایشکردنی ئەم فلیمە کرد. بەشێکی زۆری نێوەندی سینەمای کولتوری تیشکیان خستە سەر ئەم فلیمەی قوبادی .

کاری بەهمەنی قوبادی لەبیرۆکەی فلیمەکەیدا زۆر ئاسان و سادەیە، بەڵام لەنمایشکردن و چاوی کامێرادا هەست بەو چێژە دەکەین کەلەپشتیەوە کارێکی ئاڵۆز و گۆشەنیگایەکی زۆر تایبەتیی لەپشتەوە ڕاوەستاوە. گرنگی فلیمی (نیوەمانگ) لەوەدایە، بەبیرۆکەیەکی زۆر سادە دەستپێدەکات، ئەویش سەفەری (مامۆ)ی هونەرمەندی گۆرانبێژ و موزیکارە لەکوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە بۆ کوردستانی باشوور. مامۆ گووتەنی ( سی و پێنج ساڵە نەیانهێشتووە دەنگم دەربێت..من ئەم سەفەرە هەر ئەکەم .) .

سەفەری مامۆ سەفەری هونەری کوردیە لەواقیعێکی پڕ پارادۆکس و خوێناویدا، سەفەرێکە لەنێوان سنورەکان کەبۆتە شێوازی کار و خەم و غایلەی یەکێکی وەک بەهمەنی قوبادی و لەهەموو فلیمەکانیدا ئەم بابەتە دووبارە دەبێتەوە. هەموو جارێک سەفەرێک هەیە لەسنورێکی دەستکردی کوردستان بۆ ئەوی دیکە، بەڵام هەموو جارێک ئەم سەفەرە چەندەها ڕێگری جۆراوجۆری دێتە بەردەمی. لەخوێندنەوەیەکی (تۆستن فونکە Thorsten Funke) لەبارەی فلیمی (نیوەمانگ) دەڵێ: دیسانەوە قوبادی ڕێگر دەخاتە بەردەمی سەفەرەکان، لەجیاتی سنوربەزاندن و سەرکەوتن، لەڕێگەی گۆرانی و چاوی کامێراوە چیرۆکی مەرگ ونبومان بۆ دەگێڕێتەوە... www.critic.de

ئەم سەفەرە تەنها سەفەرێک نیە بیەوێت واقعیی دابەشبویی جوگرافی و سیاسی کوردی نیشانبدات، نەخێر، ئەمە سەفەری مرۆڤی کوردە لەگەڕانیدا بەدووی ئاسوودەگیدا. ئەو دیوو سنورەکان ئەو بەهەشتە خەیاڵ بۆکراوەن کەمرۆڤی کورد بەدرێژایی مێژوویی خۆی خەیاڵی خۆی بۆ واڵاکردووە، بەو هیوایەی هەمیشە ئەو دیوو سنورەکان ئاسودەتر و هێمنترن لەو دیوەی خۆی لەسەری دەژی. خەیاڵی هەزرارەهایە بوەی دەبێت ڕۆژێک بێت و بگەنە سنوری بەهەشتێکی ونبوو.بەپێچەوانەی ئەو ڕایەی فونکە، من پێموایە سنورەکان تەنها سنوری جوگرافی نین،

بەڵکو ئەو سنورە ڕەمزیانەن خەیاڵزەدی کوردی بەدرێژایی مێژوویی خۆی بەخەونی جۆراوجۆر وزەبەخشی کردووە. ڕێگر لەفلیمەکانی قوبادیدا لەنمایشکردن و بینین وڕووداوەکاندا ئەو پۆستە سەربازی و کوشتن و سروشتە سەختەیە بەردەوام لەنێوان کورد و ئەودیووسنورەکاندا وەستاوە. ڕاستە ئەمە ڕیالستیەکی سەختەو درێژبوونەوە و دووبارەبوونەوەی هەیە لەیادەورەی کوردیدا. بەلام بەدیوێکی دیکەدا قوبادی دەیەوێت لەهەموو فلیمەکانیدا ئەو سیزیفیەتە بینراوبکات کەدووبارەبوونەوەیەکی بێئەمانی هەیە لەژیانی کوردیدا. سیزیفیەتی چوون بۆ سنورەکان و گەڕانەوە، سیزیفیەتی گەیشتن بەسنورەکان بەدڵبرینداری و هەڵگرتنی مردن لەگەڵ خۆدا. ئەوەتا لەفلیمەکەدا گەیشتن بەودیوو سنور گەیشتنی تابوتێکە، گەیشتنی خەونێکە لەنێو مردندا. قوبادی دەیەوێت لەئەم دیوو و ئەو دیوی سنوری خەیاڵی کوردی نێزیکبێتەوە. غایلەیەکی دەرهەرێنەرێکە بۆ تێگەیشتن لەو گرێبەندیە سایکۆلۆژیەی کوردیەی کە پێیدەڵێن گەیشتن بەودیووی سنورەکان، گەیشتن بەبەهەشتی پڕلەموزیک ، کەلەواقیعدا بەوشێوەیە نیە، نەهەولێر ئەو گەشانەوەیەی ئازادیە و نەموزیکیش لەکوردستاندا بەو باڵایە نمایشدەکرێت و نەچەشەی گوێگری کوردیش تەنانەت لەو ئاستە میللیە کوردیەشدایە ، کەجاران هەیبوو. بەڵام ئەوە مامۆیی سی وپێنچ ساڵ خەفەبووە کەئەودیوو سنوری لێبووە بەو بەهەشتەی دەیگەیەنێتە کەنارەکانی ڕەهایی. لەنێوان واقیعەت وخەونبینیدا سنورەکان بۆ خەیاڵی  کوردی، دەبن بەو ئاشی ڕەشەبتیانەی دۆنکیشۆتانە شەڕی هەژدیهایەنەی لەگەڵدا دەکرێت. مامۆ وەک هونەرمەندێکی باڵا  سنورەکانی خەیاڵی خۆی تێپەڕ کردووە و دەیەوێت لەگەڵ سنورەکانی جوگرافیەکاندا بەشەڕ بێت.ئەم شەاە شەڕی موزیکارە لەگەڵ واقعێک، بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدایە جوانی لەنێو سنورەکانی خۆیدا بەند بکات، کەڕ ولاڵی بکات بۆ ئەوەی چیدی گۆرانی نەڵێت..

2

سەفەری مامۆ گەڕانەوەیەکە بۆ دەنگی هونەرمەند خۆی، بۆتۆنێکی موزیکی کەهەرلەسەرەتای فلیمەکەوە  ئەو گەشتە یۆلسیسیە دەستپێدەکات تاوەکو  کۆتایی. لەکۆتایشدا دیسانەوە ئەم گەڕانە بەدووی موزیکدا لەشێوەی پێکەنینی ڕۆحی ئاسودەی مامۆدا درێژە بەخۆی دەدات. بەمانایەکی دیکە گەشتی مامۆ تەنها لەپێناو ئەنجامدانی ئەو کۆنسێرتەدا نیە کەبەنیازن (لەکوردستانی ئازاد) و لەهەولێر بەئەنجامی بگەیەنێت، بەڵکو گەڕانی هونەرمەندە بەدووی ئەو دەنگانەی ڕۆحی داهێنان بەدوویدا وێڵە. ئەو دەنگانەی ئەو (بەدەنگێکی ئاسمانی) دەیچوێنێت و بەبێئەو دەنگە، بەبێ ئەو ژێ و گەرووە پڕ موزیکیە، کۆنسێرتەکەی مەحاڵە سەرکەوتوو  بێت. ئەو دەنگە، دەنگێکی کوژراو .. دەنگێکی خامۆشە!. دەنگی ئەو مێینە پڕمیهرەبانیە کەلەسەرانسەری کۆماری ئیسلامی ئێراندا لەچریکەی ئازادی  قەدەغەکراون. نەک هەر لەکۆماری ئیسلامیدا، بەڵکو لەهەموو کۆمەڵگەیەکی کولتور خێڵەکیدا،  کەفەقیهە مۆدێرن و مەلاسیاسیەکان دەزووە نهێنیەکانی ژیانی کولتوری و سیاسیان لەبندەستدا گرتووە و کلتوری ژنکوژی درێژەپێدەدەن.

 ئەم فلیمەی قوبادی لەم گۆشەنیگایەوە دژی هەموو خەفەکردنێکی دەنگێکی ژنانەیە لەم کۆمەڵگەیەدا، لەهەمان کاتیشدا قوبادی لەفلیمەکەیدا ئەوەمان نیشاندەدات کەهەموو کۆمەڵگە لەسەر ئەو چەوساندنەوەیە ڕازینین و مەحکومی دەکەن، ئەوەتا لەبەشێکی فلیمەکەدا زاوای مامۆ ڕێگرە لەبەردەم سەفەری (سنور)ی کچی مامۆ بۆبەشداریکردنی لەکۆنسێرتەکەدا.لەبەر ئەوەی بەڕای ئەو منالانی ئاوارەی ئەو سنورە بەسەفەری (سنور) لەوانەکانیان دوا دەکەون.

ئەم بەشە بۆ بینەری ئەوروپایی گرنگیەکی خۆی هەیە بۆ لێدانی ئەو وێنە ڕۆژهەلاتناسیەی لەسەر پیاوی ڕۆژهەلاتی هەیە. دیارە  بەحوکمی بوونی میللەتانی موسوڵمان  لەئەوروپا بەگشتی و لەئەڵمانیا بەتایبەتی، کەبەشێکی زۆریشیان ئەو کرێکارانەن لە پەنجا وشەستەکانی سەدەی ڕابوردووەوە هاتوون بۆ ئەڵمانیاو  بە(میوانەکرێکار)  ناودەبرێن. ئەمانە زۆربەیان لەلادێ دوور و چین و توێژە هەرە هەژارەکانی تورکیا و باکوری کوردستانەوە هاتوون، لەبەر کارو ژیانی گرانیان نەیانتوانیووە لەکۆمەڵگەی  ئەورووپیدا ئاوێزان بن، ئەوا لەشێوەی گروپەی گەورەی ئیتنی و ئاینی لەمزگەوت و چایخانە و تەنانەت شوێنی نیشتەجێی تایبەتی خۆیان وەک (گێتۆ) نیشتمانێکی فانتازیکراویان بۆ خۆیان پێکهێناوە. ئەمانە بەرهەمهێنەوەی ئەو کولتورە خێڵەکی و ئیسلامخوازیەن کەلەوانەیە دەمێکە لەزادەی خۆیان بەو تۆخیەوە بوونیان نەمابێت!. بەڵام ئەمە بۆتە کاراکتەری دیار و دەرکەوتوو، نەک هەقیقی،  زۆربەی ئەو کۆچبەر و میللەتانە. لەبەر ئەوە سەیر نیە هاوڵاتیەکی ئەورپایی (ئاست مامناوەند) لەو گۆشەنیگایەوە سەیری بێگانە موسوڵمانەکان بکات. بەڵام قوبادی لەم بەشەدا نمونەیەکی دیکە لەو پەیوەندیە نیشاندەدات جیاوازە لەگەڵ  ئەو مەزندەبۆکراوە  (خەیاڵزەدەکراوەی)  کەلە یادەوەری ئەوروپایدا خۆی جێگیر کردووە. بەمەش قوبادی وەڵامی هەموو ئەو ڕەخنە تۆمەتباریانە دەداتەوە، بەوەی قوبادی ئەو وێنانە پێشکەش دەکات، کەڕاوبۆچوونە هەڵەکانی نێو یادەوەری ڕۆژئاوا تێردەکات، بەمانایەکی دیکە ئەو  وێنە ئۆرێنتالیستیە تێر دەکات، کەیادەوەری ئۆرێنتالیستی ڕۆژئاوا بەردەوام بەرهەمی دێنێتەوە.

لێرەدا قوبادی دژی ئەو وێنە ئۆریێنتالیزمە نمایشکردنێکی دیکەمان پێشکەشدەکات، ئەویش شەڕی نێوان سنور و مێردەکەیەی لەسەر جادە و گفتوگۆیی توندوتیژی نێوان هەردووکیانە لەسەر جادەی سەرەکی و لەبەردەم ژمارەیەکی زۆری منالآن . شەڕێکە خاوەنی کولتوری خۆیەتی ، شەڕێکە لەنێوان دووبیروڕای هاو ئاستدایە. ئەم هەوڵی قەناعەتکردن بەوی دیکە دەهێنێت بەبێ بەکارهێنانی دەسەڵاتی مێردسالاری ڕۆژهەڵاتی کەئەقڵی ئۆریێنتالیستانەی ئەوروپایی ختوکەدەدات. هەردووکیان وەک دوو خودی سەربەست بەشەڕ دێن و دەیانەوێت بیروڕاکانیان لەبەردەم مامۆ باوک و هونەرمەندا یەکلابێتەوە، بەوەی منالآنی قوتابخانەی ئاوارەکان لە کۆنسێرتەکە گرنگترن، بەمەش پیاوی ڕۆژهەڵاتی تەنها ئەو کەسە نیە کە ژن دەمکووت دەکات، بەڵکو هەوڵدەدات لەڕێگەی شەڕێکی گفتوگۆکاریەوە ڕاستیەکان وەک خۆی بخاتە بەردەم ئەوانەی لەدەرەوەی ئەم شەڕەی نێوان ژن و مێردەدا ئامادەن. مێرد شەڕ ناکات بۆ ئەوەی ژنەکەی نەچێت بۆ کۆنسێرت، ئەو دژی موزیکالیەتی هاوسەرەکەی نیە، بەڵکو دژی ئەوەیە، ئەو موزیکە دەبێتە هۆی پشێوەی کاری ئەو قوتابخانەیەی منالە ئاوارەکانی لەخۆگرتووە. بەمەش وێنەی پیاو لەو وێنە تەقلیدیە ڕۆژهەڵاتناسیەکەی دەردەچێت، وێنەیەکی دیکەی نامۆ بەئەقڵیەتی سادەی زاخاودراوی بە ئۆریێنتالیستیە . بێگومان ئەم وێنەیە تەواوی ئەو وێنەیە قلْپ دەکاتەوە کە ڕۆژئاوایی بەگشتی لەسەر پیاوی ڕۆژهەڵاتی هەیەتی، سوڵتانێک کەچەندەها ژنی هەیە و بەقامچی وکۆیلەکردن مامەڵە لەگەڵ هاوسەرەکانیدا دەکات و هۆلیودیش بەشێکی زۆری ئەم یادەورەرە سینەمایەی لەفلیمەکانیاندا بەو وێنانە زاخاودواە. بەجیاوازی ئەفسانەی هۆلیودی، مێردی سنور وەک پیاوێکی هەست ناسک دەست بۆ ئەو قوتابخانەیە ڕادەکێشێت کەبینای نیەو لەسەر گردێک و لەژێر ئاسمانێکی شین و لەنێو درەختەکاندا منالآنی لەخۆگرتووە، ئەو زۆر بەگەرم و گوڕیەوە دەڵێت: لێرە وانەی موزیک و شیعر و ماتماتیک و نیگارکێشی و زانست دەخوێنرێت، ئەمانەش بەبێ (سنور) مەحالە بەڕێوە بچێت. کەسنوریش داوای لێدەکات ئەو بەتەنێ وەک پیاوێک ئەو قوتابخانەیە بەڕێوەبرێت، ئەو دەڵێت : ئەو مندالانە و ئەو قوتابخانەیە بەبێ سنور سەرگەردان دەبن… هیچ شتێک لە نیوە مانگدا بەبێ بوونی ژن توانای بەردەوامی نیە، ئیدی پیاو لەم گفتوگۆیەدا بەشێکی زۆری ئەو پێناسەیە بۆخۆی دەستێنێتەوە کە ئۆریێنتالیستەکان شێواندوویانە.

3

فانتازیای ئەدەبی لەم فلیمەدا ئامادەیە، لەساتەوەختێکی زۆر کۆمیدیادا. مامۆ ڕازیە بەئارگومێنتی زاواکەی و دەیەوێت منالآکانی قوتابخانە لە(سنوری) کچی نەکات. لەبەر ئەوە دەڵێت: ( ئاخر کچم.. من بە چواردە سەفەر ناکەم، چواردە نەحسە)، لێرەدا (کاکۆ)ی کوڕی مامۆ هەڵدەبەزێتەوەو دەچێتە بن گوێیی مامۆی هونەرمەندو پێیدەڵێت: مەعزەرەت دەخوازم ئەوە سیازدەیە کەنەحسە نەک چواردە.. بەڵام مامۆ بەتوڕەیەوە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت : سیانزە ژمارەیەکی خاسە، ئەوە خەڵکانی وەک ئێوەن ژمارە سیانزەیان ئاوەها نەحسکردووە..

ئەمە ئەوساتانەن کەئێمەی تەماشاکاری ئەم فلیمە لەڕێگەی موزیکارێکەوە تەواوی بیروڕای تەقلیدیمان لەبارەی ژمارە سیازدەوە دەگۆڕێت ودێنە سەر ئەو باوەڕەی، ژمارەیەکی دیکە هەیە دێرزەمانێکە فێڵی لێکردووین. ئەوە چواردەیە کەنەحس و نەگبەتیە!. بەڵام لەنیوەمانگدا هەموو ساتێکی تراژیدی و کۆمیدی چاوەڕانیەکانی ئێمە تێر ناکات، بەڵکو وەکو واقعی کوردی وەهایە لەکوێدا دڵت خۆش بوو دەگریت، لەکوێشدت گریایت ئەوا پێکەنین بەدوویدا دێت، لەکوێداپرنسیبێکی جێگیر هەبوو، لەوێدا هەمان پرنسیب پارادۆکسیەتی خۆی ئاشکرا دەکات، ئەوەتا مامۆ پێش ئەوەی بەبێ سنوری کچی سەفەری خۆی درێژەپێبدات باوەش دەکات بەکچەکەیدا و جوانترین ڕستەی فلیمەکە دەڵێت : کچم نەسیانزە نەحسە و نەچواردە، تەنانەت مردنیش نەحس نیە.. ئیدی ئەوە ڕۆحی هونەرمەندە لەنێو ناشرینیەکانی دنیادا جوانیش دەبەخشێت بەماناکانی مردن.

4

(مێینە و موزیک) دووبەشی لێکنەپچڕاون لەفلیمی (نیوەمانگ) و لەهەموو پەیوەندیەکانی مرۆڤەکان بەسروشت و بەموزیک و بەژیانەوە ئەم پەیوەندیە ئامادەیە. لەبەشێکدا (کاکۆ) لەگەڵ ژنەکەیدا شەڕیتی لەبەر ئەوەی ژنێک تەلفۆنی بۆ مۆبایلەکەی کردووە، کاکۆ دەیەوێت نکوڵی لەوە بکات ئەوە دەنگی ژنە،چاوی کامێرا لەو دیوو پاسی نەفەر هەڵگرەکانەوە تەنها قاچیان نیشاندەدات، لەولای ماشێنەکەوە دووکوڕەکەی کاکۆ بەئۆکۆردیۆن ئەم شەڕە خۆشبەختیە درێژە پێدەدەن، ئیدی تەماشاکار هەست بەوە دەکات کەکاکۆی لێبوکی کوردی بەماچ و فێڵ و تەڵەکەی پیاوانە و باوەشی خۆشەویستی دەیەوێت دڵی هاوسەرەکەی ڕازیبکات، بەڵام ئەمە لەهەقیقەتی کاکۆ ناگۆڕێت، وەک (دۆن جوانێک) ئاشق بەئافرەت و موزیک و پەلەوەران.. موزیکی کوڕەکانی کەبۆ نەرمکردنەوەی ئەو توندوتیژیە خۆی دەکات بەنێوانیاندا، هێورکەرەوەیەکە بۆ

پاراستنی  ڕۆح لەتوندیژیەکانی جیهان،لەهەمان کاتیشدا لێدانێکی دیکەی بیروڕای ئۆرێنتالیستیە لەسەر پەیوەندیەکانی نێر و مێیی کوردی .

5

ڕەمزیەت لە فلیمی نیوەمانگدائامادەیە، ئەویش تەنها ڕەهەندێکی سیاسیانە لەخۆ ناگرێت، بەڵکو ڕەمزیەت لەپێناو دۆزینەوەی موزیکە لەهەموو شتێکدا، لەجوڵەی  ئەکتەرەکانەوە بیگرە، تاوەکو  چاوی کامێرا و گواستنەوەکانی لەم بەش بۆئەوی دیکە.  ڕەمزەیەت لەپێناو  دۆزینەوەی موزیکی خەفە بوویی هەموو مێینەیەکی چەوساوەیە لەلایەن کۆمەڵگەوە. تۆنێکی موزیکالیە وبەردەوام لەگوێچکەی مامۆدا دەزرنگێتەوە، تەنانەت کاتێک لەقەبریشدا ڕاکشاوە تۆنی مێینەئامادەیە، دەنگێکی خەفە بووە، ئاماژەیە بۆ هەموو ئافرەتانی کوژراو و سوتاوی و بەندکراوی ئەم دەڤەرە، دەنگێکە ئاسمانی و مامۆ دەیەوێت لەسەر شانۆ ئازادی بکات. تەنانەت لەکۆتایی فلیمەکەدا بە(نیوەمانگ) کیژە هونەرمەند  دەڵێت: توخوا بەمردوویش بێت بمبەرە ئەوبەر.. بێگومان ئەو بەر، ئەو زەویە کەئەو کۆنسێرتی لەسەر دەکات، ئەو بەر کوردستانی ئازادە کەهونەرمەند دەنگی سی وپێنج ساڵە خەفەبووی ئازاد دەکات، ئەوبەر ئەو بەهەشتە ونبوەی هونەرمەندە. بەڵام ئەوە ڕۆحی هونەرمەندە کەباش دەزانێت دەنگی پیاوەکان لەوبەریش ناتوانن ئازادبن، تاوەکو  دەنگی خەفەبوویی ژنانیش ئازاد نەکرێن. دەنگێکی ئاسمانیەکەپێویستە نێرینە بیدۆزێتەوە، بەبێ ئەو دەنگە هیچ کۆنسێرتێکی ئازادی بوونی نابێت. بەهەمان ڕیتم وخەونەوە (مامۆ) گوندێک بۆ سەفەرەکەی هەڵدەبژێرێت، گوندێکە فانتازیابۆکراوە، هەڵەم نەکردبێت 1333 ئافرەتی دەنگ خۆش و هونەرمەندی تێدا نەفیکراوە. ئەو دەنگە (خامۆشە)، لەو گوندە هەڵدەبژێرێت. ئەو پێشوازیەی لەمامۆ دەکرێت بەدەف و چریکەی کوردی ژنانەوە،پێشوازی موزیکارانە لەمایسترۆکانیان، پێشوازی هونەرمەندانە لە داهێنەرە گەورەکان،پێشوازیەکە جەستەی هەمووان دەخاتە سەر موچڕکە و فرمێسک بەچاواماندا دێنێتە خوار.

6

ئەم ڕۆحە موزیکارە باڵایە لەسەرەتای  فلیمەکەوە تاوەکو کۆتایی فلیمەکە لەفیگوری (مامۆ) دا بەرجەستە بووە، ئەو ئەکتەرەی بە دەم وچاوە غەمبارو دەسەڵاتخوازی هونەرمەندانە وناسکی باوکانەیەوە دەمانخاتە بەردەمی هەڵبژاردنەکانی توڕەیی و گریان و سەرسامبوون  بەو جدیەتی هونەرمەند لەشەڕی بێهودەیدا لەگەڵ سروشت و دەسەڵاتی واقیعی پڕ پارادۆکسی کوردیدا. دەم و چاوی مامۆ ئەو سروشەمان پێدەبەخشێت کەئەم پیاوە تەنها پیاوێکە لەفانتازیادا بوونی هەیە، پیاوێکە لەنێو ئەودایە و بۆ ئەویش دەگەڕێتەوە، پیاوێکە تەنها گوێیی لەو دەنگایە، تەنها لەگوێچکەی ئەودا دەزرنگێنەوە، ئەو نۆتە موزیکانەی تەنها لەنێو گوێچکە و ڕۆحی ئەودا لێدەدەن و لەم گەشتەیدا دەیەوێت لەسەر شانۆی کۆنسێرتدا بیانکاتە دەنگێکی بیستراو. دەم و چاوی مامۆ بۆ تەماشاکار فاکتەرێکی وروژێنەری زۆر وێنە و تۆن و بیرکردنەوەن. مامۆ لەو دەم و چاوانەیە بەئاسانی بەنێو تەماشادا تێپەڕ نابن.

7

 تەنها کارەسات و (ڕەهەندێکی کارەساتخواز) هێڵی درامی ئەم فلیمە نیە، لەتەنیشت دە م وچاوی  جدی و خوماری (مامۆ)، فیگورێکی وەک (کاکۆ)  ئەکرۆباتێکە یاری بەهەموو ساتە تراژیدیەکان دەکات، ئەم کۆمیدیایە کارەکانی (ئێمیر کوستوریتسا  Emir Kusturica) دەرهێنەری یۆگلاسیفیمان دێنێتەوە یاد. لەکوێدا ئێمە غەمباربین و بچینە سەر ڕۆخەکانی غەمباری و دڵتەنگی، کەسێتی (کاکۆ) بەخۆی و جەستە خڕیلانە وقژەبژ وسمێڵەپڕە فش و چاو باشقاڵیەوە دەمانخاتە پێکەنین. کاکۆ بەخشینی ڕۆحێکی پێکەنینە لەنێو کارەساتدا، بەمەش ئەو هاوسەنگیە لەنێوان گریان و پێکەنیدا، لەنێوان تراژیدیا وکۆمیدیادا هاوئاست دەبنەوە. کەسێتی کاکۆ وەک کەسێتی ئەو لێبوکانە وەهایە، لەگەرمەی جەنگەکاندا لەگەڵ سەفەری پاشاکاندا بەنێو دارستەکانی جەنگدا ڕەوینکردووە وغەمباری پادشایان بەپێکەنین تەنک کردۆتەوە. هەمان فیگوری مێژوویمان بیردێنێتەوە لەسەدەی ناوەڕاست، بەتایبەت لەئەڵمانیای سەدەی ناوەڕاست بە

( هۆف نار  Hofnarren) بەمانای لێبوکی کۆشک و حەوشەی دواوەی پادشاو میرەکان ناویان بردوون. ئەمانە تاکە کەس بوون لەبەر پێکەنین بەدەنگی بەرز و گاڵتەجاڕیان بە پادشاو پیاوەکانیان بەر سزادانی  میر و پادشا و دەسەڵاتداران نەکەوتوون،مادامەکی پێکەنینی دەسەلات ئامانجی ئەوانە. کەسێتی (مامۆ) سومبۆلی ئەو پادشا توڕەو گیرسەرەیە لەسەر کورسی پادشاهی ناوبانگی دانیشتووە، کاکۆی کوڕیشی، ئەرکی کۆکردنەوەی کوڕە موزیکارەکانی تری لەلایەن مامۆی باوکیەوە پێسپێردراوە، بەخۆی و ئەو کەڵەشێرە کەنەفتەیەوە،کەهەموو جارێک بەنەخۆشی ئەنفلۆزای بالچندە تاوانباری دەکەن. ڕووداوەکان لە دراماو توندوتیژیەوە بەرەو پێکەنین قڵپدەکاتەوە، هەروەک ئەوەی لەهەناوی

هەموو گریان و کارەساتێکدا پێکەنێکی قوڵ هەبێت دنیای ناشرینی و گریانمان لەبیربەرێتەوە. ئەمەش بێگومان یەکێکە لەخاڵە سەرکەوتووەکانی فلیمی نیوەمانگ.

ئەوەی ماوە باسیبکەین ئەو ڕەهەندە ڕۆحیانەتی وسۆفیگەرایی وسەمای دەرویێشانەی کەشیگەرایەکی فلیمەکەیە کەموزیک دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرچاوە ڕۆحیەکانی خۆی، ئامادەبوونی موزیک لەسەرتاوە تاکۆتایی ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت،شەڕی کورد شەڕێکە نیە لەپێناو بەرهەمهێنانی توندوتیژی، بەڵکو شەڕێکە لەپێناو جوانی و موزیکە. فلیمی نیوە مانگ فلیمێکە کارەسات نمایش ناکات، بەقەد ئەوەی مێژوویی باڵایی موزیکی کوردی نمایشدەکات لەبەرامبەر ناشرینیەکانی دنیای چواردەوردا، بەزاندنی سنورە سیاسیەکانە لەپێناو ئازادکردنی دەنگێکی ئاسمانی، دەنگی مێینە....

نورنربێرگ 28.08.2007

http://www.half-moon-film.de

/